# رادیۆی هاوپشتیو سایتی بۆپێشەوە هیچ بیروبۆچوونێکیان لا موقەدەس نییەو دیفاع لە کەرامەتو ئازادیو خۆشگوزەرانی ئینسان بە ئەرکی خۆیان دەزانن

## گفتوگۆ لەگەڵ ئارام عەلی بەرێوەبەری رادیۆی هاوپشتیو سیاتی بۆپێشەوە

**ئۆکتۆبەر: تۆ بەڕێوەبەری ڕادیۆی هاوپشتیو سایتی بۆپێشەوەیت، ئایا هیچ پەیوەندیەك هەیە لەنێوان ئەم دووپرۆژەیەدا؟**

ئارام عەلی: سەرەتا سڵاوتان لێبێت و خۆشحالین بەو دەرفەتەی لەگەڵ ئێوەدا قسەوباسمان ئەبێت. سەبارەت بە پرسیارەکەتان دەربارەی پەیوەندی سایتی بۆپێشەوە و رادیۆی هاوپشتی، سایتی بۆپێشەوە و رادیۆی هاوپشتی یەک پرۆژەن لە مەیدانی راگەیاندنی ئازاد و گەیاندنی پەیام و دەنگە خامۆشکراوەکان بە گوێی هەموو، بەڵام کەناڵ و ناوەند و شێوە و ماتریالی کارەکەیان جیاوازە و هەر ئەوەش وای کردووە کە ستافی سەربەخۆی خۆیان بێت. بەدوای سێ ساڵ کارکردنمان لە رادیۆی هاوپشتی بۆ شکاندنی بەرتەسکی و ریگرییەکانمان لە رادیۆییەکی لۆکالی لە شاریکی وڵاتی سوید بۆ رادیۆیەک کە بتوانیت لە ئاستیکی سەراسەری بەرنامەکانی خۆی پەخش بکات، سایتی رادیۆی هاوپشتیمان دروستکرد www.hawpshti.com و پەخشی ئەنتەرنیتی و رادیۆی پالتالکیمان ریکخست لەگەل رێکخستنی تۆری پەیامنێرانی ڕادیۆی هاوپشتی. لەگەڵ برینی هەندیک لە مەحدوودیاتەکانی کارمان، بەلام ئەوەش نەیتوانی وەلامی نیازی ئیمە بداتەوە کە دروستکردنی دەزگایەکی راگەیاندنی گەورەی سەراسەرییە. دروستکردنی ماڵپەری بۆپێشەوە www.bopeshawa.com هەنگاویک کاری ئیمەی بردە پێشەوە بۆ دروستکردنی ئەو دەزگایە. کە ئێستا هەر یەکیک لە رادیۆی هاوپشتی و سایتی بۆپێشەوە نموونەی سەرکەوتوانەی کارێکی چکۆلەن لە کاری ئەو دەزگایەی کە ئەمانەویت لە نزیکترین ئایندەدا درووستی بکەین.

**ئۆکتۆبەر: مەوازینی کاری هەرکام لەم دوو ناوەندی ڕاگەیاندنە چیە؟ مەبەست کام بابەت دائەگیرێتو کامەیش شانسی بڵاوکردنەوەی نابێت؟**

ئارام عەلی: سەرەتا پیش ئەوەی بیمە سەر مەوازینی کاری هاوپشتی و بۆپێشەوە، باشترە دەربارەی پرەنسیبەکانی کاریان چییە؟ رونکردنەوەیەکی کورت بدەین. بنەمای کاری ئیمە خەلک و مەسەلە و ژیانی خەلکە، کاری سەرەکی ئیمە ئەوەیە کە لە هەر شوینیک ستەم و زولم و پێشێلکاری هەبیت ئەبی ئیمە بە دەنگیکی بەرز و قایم بە گویی کۆمەلانی خەلکی بگەینین. جگە لە هەولی ئاشکراکردنی راستیەکان بۆ خەلک، بتوانین وەلامی راست و رێگای پێشگرتن بە مەینەتیەکانی خەلک بخەینەروو. هەوێنی بەرنامە زیندووەکانی ئێمە خەلک و مەشغەلەتەکانی خەلک و مەسەلە سەرەکی و گرنگرکانی خەلکە. مەبەست و ناوەرۆکی بەرنامەکان حەقیقەت پشکنینە، خاوەنی پرسیاری خەڵکە، دەنگی کپ نەکراوی ڕەخنەیە، بەدبین و بە گومانە، هیچ حەرامکراوێک و تابۆیەک سنوور بۆ ڕەخنەکاری دانانێت، هیچ بیروبۆچونێکی لا موقەدەس نیە و دیفاع لە کەرامەت و ئازادی و خۆشگوزەرانی ئینسان بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئەوە بنەما سەرەکیەکانی کارمانە لەو دەزگایە.

سەبارەت بە مەوازینی کار، بەهۆی جیاوازی ناوندەکان و شێوەی کارەکانیان جیاوازی هەیە. لە رایۆی هاوپشتی کارەکانمان ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت و جۆراجۆری سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگییە. لە بەرنامەکاندا هەوڵ ئەدەین نوزەی دەنگە کپکراوەکان بگەیەنینە ئاستی بیستراو بۆ سەرجەم. لە کاتی بەرنامەکانی رادیۆدا خەتی تەلەفۆنەکان بۆ هەموو کەس بەوپەری ئازادییەوە کراوەیە بۆ بەشداری کردنی بەرنامەکان بە سەرنج و تیبینی و پیشنیار و رەخنەکانیان. نموونەی بەرنامەکانی 5 ساڵی رابردوومان لە رادیۆدا بەڵگەی کار و مەوازینمانە.

بەڵام سەبارەت بە بۆپێشەوە ئیمە لە "دەربارەی بۆپێشەوە"دا مەوازین و پرەنسیبەکانی کاری سایتەکەمان راگەیاندووە. کە لیرەشدا وینەیەکی ئەدەین بە ئێوە ئەگەر بە گونجاوتان زانی بلاوتان کردەوە سوپاسگوزارین کە وەلامی پرسیارەکان ئەداتەوە لەم بارەیەوە. ئەوەی کە ئیمە وەک بنەمایەکی سەرەکی کاری لەسەر ئەکەین و ئەبیتە بنەمای مەوازینەکانی کاریشمان. سایتی بۆپێشەوە، تریبونێکی ئازادانەی بێ سنورە بۆ ڕەخنەی سیاسی، بەڵام هیچ چەشنە تەشهیرێکی ناسیاسییانە و بێ بەڵگە لە دژی تاک و گروپ جێگەی نابێتەوە. حورمەتی تاک لە لایەن بۆپێشەوە بە تەواوی دەپارێزرێت. تیئەکۆشین لەم بوارەدا بتوانین پرەنسیب و سوونەتیکی مۆدیرانانە لە نیو کاری رۆژنامەگەری و میدیای کوردی جیخەین.

**ئۆکتۆبەر: ستافەکانی ئەم دوو ناوەندە لەلایەن چ لایەنێکەوە کۆمەك ئەکرێن؟**

ئارام عەلی: سەبارەت بەستافەکان، کارمەندانی ستافی ڕادیۆی هاوپشتی و سایتی بۆپێشەوە خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانە بەبێ هیچ بەرامبەریک تاکو ئیستا کارمان کردووە. هەر ئەوەش وای کردووە بە هۆی هەلومەرج و ژیان و کاری هاوکار و کارمەندان ئاڵوگۆر بە سەر ستافەکانماندا هاتووە. تەنانەت هاوکاران و پەیامنێرانیشمان لە دەرەوە و لە شارەکانی کوردستان هەر وەک و ئێمە خۆبەخشانە و بەبێ هیچ کرێ و بەرامبەریک کاریان لەگەلمان کردووە. چوونکە بەراستی ئێمە هیچ کیشەیەکمان نییە لە کارەکانماندا. وا هەست ئەکەین کە بە توانایی و تیروانینیکی وا کراوەو مۆدیرنانە کار ئەکەین بوارێکی فراوان و تەواو کراوە لە بەردەممانداپە. ئەتوانم بلێم کەم دەزگا و ستاف هەیە بە ئەندازەی ئێمە توانایی تەکنیکی و هونەری و سیاسی هەبیت بۆ ئەنجامدانی کار و پرۆژەکانی. تاکە کێشەیەک کە تاکو ئێستا بوومانە کێشەی مالییە. تەنها کێشەی مالی وای کردووە کارەکان و پرۆژەکانمان بەرتەسکبیتەوە.

سەبارەت بە یارمەتیش ئێمە تاکو ئیستا ڕاستەوخۆ داوای یارمەتیمان لە هیچ لایەنێک نەکردووە، بەڵام یارمەتی و هاوکاری بێ بەند و مەرجی هەموو لایەنێک قەبول دەکەین و جێگەی دەستخۆشانەیە و بە ئاشکراش بۆ هەموو لایەک ڕای ئەگەیەن. بە بەردوامیش ڕاستگۆیانە کێشەکانمان بۆ گوێگران راگەیاندووە و بە شێوەی راگەیاندن پەیاممان داوە بۆ وەڵامدانەوەی نیازی کارەکانمان پێویستمان بە یارمەتی و هاوکاری هەیە. هەمیشەش لەلایەن گوێگرانی ڕادیۆ پێشوازییەکی گەرم لە بانگەوازەکانمان کراوە. یارمەتی بەردەوامی گوێگران و دۆستانمان تاکو ئیستا جێگەی ستایش و دەستخۆشانەیە، کە ئەگەر ئەو یارمەتیانە و هاوکاریانەی ئەو دۆستانە نەبوایە بێگومان نەمان ئەتوانی ئەو کارانەی تاکو ئیستا کردوومانە کە لانی کەمی کار و پرۆژەکانمانە ئەنجامی بدەین.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام کە باسی ڕادیۆی هاوپشتی دێتە پێشەوە ئەڵێن رادیۆی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقە. ئێوە لەمبارەیەوە ئەڵێن چی؟**

ئارام عەلی: بەڵێ وایە، بەشێکی مەسەلەکە ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دەزگای راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستان لەلایەن ئەحزاب و دەسەڵاتی کوردی بە هەموو شێوەیەکەوە کۆنترۆل کراوە. مەیدانی کاری راگەیاندنی ئازاد لە زۆر بوارەوە بەرتەسککراوەتەوە و بە بارمتە گیراوە. تەنانەت کاری ڕاگەیاندنی ئازاد لە هەولێر، سلێمانی یاخود لە دەرەوەی کوردستان تیروانین و پێناسەکەشیان بەپێی جیاوازی بوون و نەبوونی دەسەلاتی ئەحزاب ئەگۆرێت. دواتر ئەو چەمک و تیرِوانینە رۆژهەڵاتیانەیە بۆ سیاسەت و راگەیاندن و دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد، بەوەی کە ئەبێت حزب خاوەنی هەموو شتێک بیت. ئەگەر سەرنجێک لە ڕاگەیاندن و مێدیای وڵاتانی ئەوروپا بدەین ئەبینین هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە ئەبێتەوە.

خالێکیتریش ئەگەریتەوە بۆ پشتیوانی و یارمەتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و هاوکاری راستەوخۆی کادرانی حزب بە رادیۆی هاوپشتی وەک نموونەیەک لە راگەیاندنی ئازاد. ئەو هاوکارییە راستەخۆ ئەگەرێتەوە بۆ پشتیوانی و بەرگری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە راگەیاندنی ئازاد کە بتوانێت راستەوخۆ بەرۆڵی خۆی یاری بکات لەنیو روداوەکان و ژیانی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان.

زۆر دوور نەڕۆیین، ئەگەر چاوێک لە بەرنامەکانی یەک سالی رابردووی رادیۆی هاوپشتی بکەین. بەرنامەی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. زۆرترین کەسانێک کە گفتوگۆیان لەگەلدا کراوە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و کادران و رابەرانی حزب و ریکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکانی کوردستان بوونە. ڕادیۆی هاوپشتی دەرگای کراوەبووە بۆ گەیاندنی پەیام و قسەکانیان بە خەڵک. بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا پێشوازی و هاوکاری و پشتیوانی ئەو حزبانە بێدەنگییە. ئەوەش ئەگەریتەوە بۆ سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامەی ئەو هێز و لایەن و حزبانە لەگەل راگەیاندنی ئازاد.

ئێمە دەستخۆشانە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و هاوکاری کادرانی ئەکەین بۆ پشتیوانی بەردەوامیان لە کارەکانمان و پێشوازیش لە هاوکاری و پشتیوانی هەر لایەنیکی تر ئەکەین کە پشتیوانی لە ڕاگەیاندنی ئازاد ئەکەن.

**ئۆکتۆبـەر: لـەکاری ئایـندەتان بـەنیاز نـین ڕۆژنامـە یـان تەلەفزیۆنیـشتان هـەبێت؟ یـان سـەرجەم ئـەم دەزگایانـە لەناوەنـدێکی گـەورەتردا کۆبکەنـەوەو سەرەنجام ببێتە سەنتەرێکی گەورەی ڕاگەیاندن؟**

ئارام عەلی: بەلی کارمان لەسەر ئەوەیە کە بتوانین ببین بە دەزگایەکی راگەیاندنی سەراسەری. ئەوەی کە ئیستا لە نەخشەی کارمانە زیادکردنی کاتی پەخشی بەرنامەکانی رادیۆی هاوپشتی و تاکو ئەیگەیەنین بەوەی کە رادیۆ پەخشی رۆژانەی بیت و لەهەمان کاتیشا بتوانین جگە لە پەخشی کەنالەکانی تاکو ئیستاکەمان، هەر ئیستا لە هەوڵی ئەوەداین کە پەخشی رادیۆ بخەینە سەر کەنالیکی سەتەلات کە بکری لە سەرتاسەری دونیـا لە کەنالی جۆراوجۆر گوێ لە رادیۆ بگریت. سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو دەزگایەش باشترە بە هەنگاوە عەمەلی و دەرئەنجامەکان ببیبینین لەوەی ئێستا ئیدعا و پروپاگەندەی بۆ بکەین. بـەڵام ئـەوەی لێرەدا ئەمانەوێت بیگەیەنین کە پەیامی ئیمە لە رادیۆی هاوپشتی و سایتی بۆپێشەوەدا بۆ کەسانیکی ئازادیخوازە بە هەر شێوەیەک بۆیان ئەکریت هاوکارمان بن. هەرکەسیک کە گوێی لە ئێمەیە و حەز ئەکات ئەو کارانەی تـاکو ئێستاکەمان بەسەمەری خۆی بگات بە هەر شێوەیەک بۆتان ئەکرێ یارمەتیدەری ئەو پرۆژەیەمان بن. مەبەستی سەرەکی ئیمە ئەوەیە کە کارەکانمان وەلامدەرەوەی نیاز و داخوازیەکانی ژیانی خەلک بێت. بۆ ئـەو کـارەش پێویستمان بە هاوکار و پەیامنێرە لەهەر شوینێکەوە بێت.

ئۆکتۆبەر: **دوا قسەت چیە؟**

ئارام عەلی: لە کۆتاییدا سوپاسی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر ئەکەم بۆ ئەم گفتوگۆ و دەرفەتە، جاریکیتیش بانگەوازی کەسانی ئازادیخواز و رۆشنبیران و هەموو نـاوەنـد و لایـەنیـک لـە کوردسـتان و دەرەوە ئـەکـەم، هـەر کەسیک قسە و پەیامێکی هەیە بۆ خەلک و وەلامدانەوە بە مەسەلەکانی خەلک، سایتی بۆپێشەوە و رادیۆی هاوپشتی مینبەری ئەوانە. ئەتوانن ئەو ناوندانە بە مینبەری خۆتان بزانن و هەر شتێکتان بێت لە وتار، بابەتـی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامەکانتان بنێرن بۆمان بۆ بڵاوکردنەوە و گەیشتنی بە هەرچی زیاتری خەلک. دیسانەوەش پەیامم بۆ هەمـوو لایـەکـە کـە پێویـستمان بـە هاوکـاری و یارمەتی ئێوەیە.